## خۆراکە پەسەندکراوە تایبەتەکانی کاتی دوگیانی

| مادەی خۆراکی | پەسەندکراو | دەبێت تێبینی بکرێت |
|---|---|---|
| **چەوریەکانی خۆراك** | ڕۆژانە ١-٢ کەوچکی چا ڕۆنی گوڵەزەردە بەتێکەڵکردنی لەگەڵ زەڵاتە یان لە دروستکردنی خواردەمەنیدا و ٦-٨ کەوچکی چا کەرەی ڕووەکی (٦٠ – ٧٠%) بخرێتە سەر نان. بەم شێوەیە **ئەو برە ترشە چەوریەی کە بۆ لەش پێویستە** زامن دەکرێت. هەروەها لای خوارەوە تەماشای "ماسی" بکە.<br><br>ترشە چەوری پێویستە بۆ نموونە بۆ گەشەکردنی عەسەب و توانای بینین و سیستەمی بەرگری کۆرپەڵە. | وەرگرتنی چەوریەکی نەرم کاریگەری باشی دەبێت بۆ سەر درێژەکێشانی دوگیانیەکە، کەمکردنەوەی مەترسی ناکامی هەروەها بۆ سەر گەشەکردنی دیدەنی و زیرەکی منداڵەکە.<br><br>سەرچاوەکانی چەوری قورس بۆ نموونە بریتە لە؛ کەرە، شیری چەور و دروستکراوە گۆشتیەکان، پەنیر، کولیچە و کێکی چەور، پسکیت هەروەها چەوری گوێزی هیندی. لە چەوریدا پێویستە ئەوپەڕی ٣/١ لە جۆری چەوری قورس بێت. |
| **ماسی** | ژەمە خواردنی ماسی هەفتەی ٢-٣ جار، جاروبار ماسی دەریاچە، ماسی بەخێوکراو و ماسی دەریا بۆ نموونە ماسی بچووك (مویککو)، ماسی سپی (سییکا)، (سەیتی)، تراوتی بەڵەك (کیریۆلۆهی)، (نیەریا) و سالمونی خاڵدار (تایمێن).<br>شاماسی بەڵتیق (سیلاککا)ی گەورەی ناوسك دەرنەکراو بە درێژی زیاتر لە ١٧ سم یان لە جیاتی ئەوە سالمۆنی دەریایی (لۆهی) کە لە دەریای بەڵتیق ڕاوکرابێت یان سالمۆنی خاڵدار (تایمێن) تەنها ١-٢ جار لە مانگێکدا.<br><br>لە خوراندنی ڕۆژانەی جۆرە ماسیەکانی ناوچەکانی ئاوە ناوخۆییەکان وا پەسەند دەکرێت کە خواردنی ئەو ماسیە دڕندانەی کە جیوە کەم دەکەنەوە کەم بکرێنەوە، وەکو ماسی فەرەخ (ئەهڤێن)ی گەورە، ماسی فەرمخی ڕم (کوها) و ماسی ڕیشدار (مادێ).<br><br>**نابێت بەهیچ شێوەیەك ماسی ڕم (هاوکی) بخورێت.** | ماسی زنجیرە ترشە چەوری ئۆمێگا ٣ لەخۆ دەگرێت کە بۆ لەشی مرۆڤ زۆر گرینگە، هەروەها چەندین جۆری ڤیتامین و کانزای وەکو ڤیتامین دی و یۆد و هەروەها پرۆتین لەخۆ دەگرێت.<br><br>ماسیەکان ڕێژەیەکی زۆر دایۆکسین و بی سی بی لەخۆ دەگرن.<br><br>ڕێژەیەکی بەرزی جیوە لەخۆ دەگرن. |
| **جگەر، خواردەمەنیەکانی جگەر و سۆسێجی جگەر** | سۆسێجی جگەر و جۆرەکانی پاستە دەکرێت لە هەفتەیەکدا ئەوپەڕی ٢٠٠ گرام بخورێت و لە هەر جارێکیشدا ئەوپەڕی ١٠٠ گرام. ئەگەر هەموو ڕۆژێك بخورێت ئەوسا دەبێت ئەوپەڕی ٣٠ گرام (= ٢ قاژ = ٢ کەوچکی چا) لە شەو و ڕۆژێکدا بخورێت.<br><br>بە درێژایی ماوەی دووگیانی نابێت خواردەمەنیەکانی جگەر (جگەری هاڕاو و شفتەی جگەر، سۆسی جگەر، جگەری فڕن) بخورێن. | جگەر و خواردەمەنیەکانی جگەر ڕێژەیەکی بەرز ڤیتامین ئەی (A) و کانزای قورس لەخۆ دەگرن.<br><br>وەرگرتنی ڕێژەیەکی زیاد لە ڤیتامین ئەی (A) لەوانەیە ببێتە مایەی مەترسی دروستبوونی نارێکی (مشوەهی) و لەبارچوون. |
| **بەرهەمە ماسیە کاڵەکان کە بە ڕێگای ڕاکێشانی هەوا و گازی پارێزەر هەڵگیراون یان ئەوانەی کە بە ڕێگای سوێرکردن و دوکەڵی سارد دروست کراون هەروەها ماسی ڕیشدار (مادێ) و ئەو خواردەمەنیانەی کە لەوانە دروست دەکرێن وەکو پاتیس و سوشی** | دەبێت **تەنها بەگەرمەوە کراوی** بخورێن. دەبێت پلەی گەرمکردنەوەی ئەو بەرهەمە بەگشتی بگاتە لایەنی کەم ٧٠ پلەی سەدی. | ئەمانە دەکرێت بەکتیریای لیستەریا لەخۆ بگرن. ئەو بەکتریایە لە گەرمیەکی سەروو ٧٠ پلەی سەدی ئینجا لەناودەچێت، بە بەفر بەستن و بە خوێ سوێرکردن لەناو ناچێت. بەکتریای لیستەریا لەوانەیە ببێتە هۆی ژەهراوی بوونی خۆراکی کە ئەویش مەترسی لەبارچوونی بەدواوە دەبێت. |

| | | |
|---|---|---|
| **ئەو پەنیرانەی کە لە شیری کاڵ و شیری پاستۆریزە نەکراو دروست دەکرێن هەروەها پەنیرە نەرمەکان کە لە شیری پاستۆریزەکراو دروست دەکرێن** | دەبێت هەتا بکرێت بە خێرایی و **تەنها بە گەرم کراوی** بەکاربهێنرێت.<br><br>تەنها بەگەرمکردنێك کە قوڵپ بدات بەکاردەهێنرێت. | مەترسی بەکتریای یەرسێنیا سێودوتوبیرکلۆسی – لیستێریا، EHEC سالمۆنێلا و کۆمپیلۆبەکتێریا.<br><br>بروانە لای سەرەوە؛ مەترسی لیستێریا<br><br>بەکتیریای لیستێریا ناتوانێت لە پەنیری تونددا زیاد بکات (بۆ نموونە ئێدام، پۆلار، ئۆلترمانی هتد.) |
| **گۆشتی کاڵ، قیمەی کاڵ و بەرهەمی دروستکراوی گۆشتی کاڵ وەکو شفتەی تارتار، قاژە گۆشتی سارد هەروەها جۆرەکانی باسترمە (سەلامی، مێتڤورستی) و گۆشتی ڕانە بەرازی وبەهەوا وشك کراو (پارمان، سێرانۆن)** | خۆت بەدوور بگرە لە هەموو ئەو جۆرە بەرهەمە گۆشتیانەی کە لە هیچ قۆناخێکدا گەرم نەکراون. هەروەها خواردمەنی گۆشتی ساخیش وەکو ستیك و گۆشتی سوورەوەکراو دەبێت بەباشی بکوڵێنرێن. | لە گۆشتی کاڵدا مەترسی تووشبوون بە بەکتریای تۆکسۆپلاسما - EHEC ، سالمۆنێلا و یەرسینیا هەیە. |
| **سەوزەی بەستوو و خواردەمەنیە ئامادەکان (لە بازاڕدا)** | هەموو جۆرە سەوزەیەکی بەستوو دەبێت پێش بەکارهێنانی گەرم بکرێت، پێش ئەوەی بکرێتە زەڵاتە دەبێت قوڵپی پێ بدرێت و ساردبکرێتەوە. ئەو خواردەمەنیە ئامادەکراوانەی کە یەکجار سەهۆڵ بەستوو دەکرێن و دووبارە گەرم دەکرێنەوە (بۆ نموونە، شتی هاڕدراو کە بە فڕن دەبرژێنرێت) دەبێت لە پێشا بەشێوەیەك گەرم بکرێتەوە کە قوڵپ بدات ئینجا بخورێت. | بروانە مەترسی لیستێریا. |
| **میوە کێویلەی سەهۆل بەستووی وڵاتانی دەرەوە** | دەبێت پێش بەکارهێنانای بۆ ماوەی ٥ خولەك هەتا پلەی گەرمی ٩٠ سەدی گەرم بکرێت یان بۆ ماوەی ٢ خولەك بکوڵێنرێت. | مەترسی ڤایرۆسی نۆرۆ و ڤایرۆسی هەوکردنی جگەر لە جۆری A |
| **ئەلکهۆل** | بەتەواوەتی خۆتی لێ بەدوور بگرە | زیان دەگەیەنێت بە گەورەبوون و گەشەکردنی کۆرپەلە. |
| **قاوە و خواردنەوەکانی تر کە کۆفایینی تێدایە وەکو کۆلا و خواردنەوە وزەبەخشەکان** | دەبێت وەرگرتنی کۆفایین سنووردار بکرێت بۆ ٢٠٠ ملگم/ لە ڕۆژێکدا. ئەمەش دەکاتە دوو دانە کوپی ١،٥ دیسیلیتری قاوەی فلتەر یان ١،٥ دیسیلیتر قاوەی ئێسپرێسسۆ یان نزیکەی لیترێك چای ڕەش. | بۆ ئەو کەسانەی کە دووگیانن بۆی هەیە تەنانەت ڕێژەیەکی کەم لە کۆفایین ببێتە هۆی دڵەکوتێ و لەرز پیاهاتن و هەروەها کێشەی خەولێکەوتن ئەگەر پێش کاتی خەوتن بخورێتەوە. |
| **خواردنەوەکانی کۆلا کە کۆفایینیان تێدایە** | ئەوە پەسەندە کە تەنها جاروبار بخورێتەوە. قوتویەکی (٣،٣ دیسیلیتری) خواردنەوەی کۆلا نزیکەی ٢٥ – ٦٠ ملگم کۆفایینی تێدایە و لە شووشەیەکی (٥ دیسیلیتری) نزیکەی ٣٥ – ٩٠ ملگم هەیە. . | بروانە لای سەرەوە. کاتێك کە لە بەرهەمێکدا بە ڕێژەی زیاتر لە ١٥٠ ملگم/ لیترێك کۆفایین هەبێت، دەبێت لە پاکەتەکەدا ئاگاداری بنوسرێت کە " ڕێژەی کۆفایین زۆرە، بۆ منداڵ و دووگیان و شیردەر باش نیە" بنوسرێت. |
| **خواردنەوە وزەبەخشەکان** | خواردنەوە وزەبەخشەکان پەسەند ناکرێن. | |
| **ئەو بەرهەمانەی کە کۆفایینیان تێکەڵ کراوە** | دەبێت لە پاکەتەکەدا ئاگاداری دانرابێت و ڕێژەی کۆفایینەکەی نوسرابێت. | بروانە لای سەرەوە. |
| **عەرەق سوس، (لاکریتس) و سالمیاك** | پەسەند نیە<br><br>بڕێکی کەم (بۆ نموونە دۆندرمەی لاکریتس یان دوو سێ دانە شیرینی) زیانی نیە. | گلیسیریزینی تێدایە کە لە ڕووەکی لاکریتسەکەوە هاتووە و دەبێتە مایەی بەرزکردنەوەی فشاری خوێن، پەنەمان زیاد دەکات و هەروەها دەکرێت مەترسی لەبارچوون دروست بکات و ئەگەری ئەوەش هەیە کە پەیوەندی هەبێت بە تێکچوونی گەشەکردنی منداڵەوە. |

| | | |
|---|---|---|
| **تۆوەکانی ڕۆنە ڕوەکیەکان (وەکو تۆوی گوڵەبەڕۆژە و تۆوی کەتان)** | **تۆوی کەتان** وەکو خۆی، بە هاڕدراوی یان بە تواندنەوە لە ماوەی دووگیانیدا بۆ چارەسەری قەبزی **نابێت بەکاربهێنرێت**. بڕێکی کەم لە تۆوی کەتان بۆ نموونە بخرێتە نانەوە یان ڕۆنی تۆوی کەتان زیانی نیە. تۆوەکانی تریش ئەوپەڕی ٢ کەوچکی چێشت/ لە ڕۆژێکدا. | کەتان هەروەکو چەند جۆرێکی تری ڕووکی ڕۆن خاسیەتێکی سروشتی هەیە کە کانزای قورس لە تۆوەکانی کۆدەکاتەوە، بەتایبەتی کادیمیوم |
| **قارچکی گوێپەڕە** | پەسەند نیە | پاشماوەی گیرۆمیتری تیا دەمێنێتەوە تەنانەت ئەگەر چاکیشی بکەیت. |
| **ئەو شتانەی کە لە گژوگیای دەریایی دروست دەکرێن** | بەکاری مەهێنە ئەگەر نەزانیت ڕێژەی یۆد لە لەشتدا چەندە یان ئەگەر زانیت ڕێژەکە بەرزە. | وەرگرتنی یۆد بە ڕێژەیەکی زیاد زیانبەخشە بۆ کارکردنی غودەی دەرەقی و گەشەکردنی کۆرپەڵە |
| **خواردنەوەی گژوگیا دەرمانیەکان** | پەسەند نیە | نازانرێت کە ئایا ئەو گژوگیایانە بێ مەترسین یان نا، لەوانەیە مادەی سروشتی زیانبەخشیان تێدا بێت. |
| **شتی دروستکراو لە زەنجەبیل و چای هەروەها ئەو تەواوکەرە خۆراکیانەی کە زەنجەبیلیان تێدایە.** | پەسەند نیە | مادەی زیانبەخشیان تێدایە، زانیاری لەسەر ئەوە نیە کە بێ مەترسیە. |
| **ئەو تەواوکەرە خۆراکیانەی کە لە گژوگیای دەرمانی دروست کراون و دەفرۆشرێن** | پەسەند نیە | لەوانەیە مادەی سروشتی زیانبەخشیان تێدا بێت. |

| مادەی خۆراکی/ دروستکراو | پەسەندکراو | دەبێت تێبینی بکرێت |
|---|---|---|
| **ڤیتامین دی D** | دروستکراوی زیادەی ڤیتامین دی بە ڕێژەی ١٠ میکرۆگرام/ ڕۆژێك **بۆ هەموو ئەوانەی کە دووگیانن بە درێژایی ساڵ**. جۆری D3 بەباش دەزانرێت. | پێویستە بۆ هەڵمەژینی کالیسیوم وگەشەکردنی ئێسقانەکانی کۆرپەڵەکە. زیاترین ڕێژەی وەرگرتنی ڤیتامین دەی بەبێ مەترسی ١٠٠ میکرۆگرامە / لە ڕۆژێکدا. |
| **کالیسیوم** | بەباش دەزانرێت کە ٩٠٠ ملگم/ لە ڕۆژێکدا وەربگیرێت. بەرهەمە شیریە شلەکان ٥-٦ دیسیلیتر و ٢-٣ قاژ پەنیر یان ١٠٠ گرام پەنیری توندی کەم چەوری یان دروستکراوی کالیسیۆم ئەو ڕێژە پێویستە زامن دەکات. | تەواوکەری کالیسیۆم بەپێی هەڵسەنگاندنی تاکەکەسی پێویست دەبێت:<br>• ٥٠٠ ملگم، ئەگەر لەو خواردەمەنیانەی کە دەخۆرێن شیرەمەنی یان ئەو خۆراکانەی کە کالیسیۆمی تێدایە کەم بێت.<br>• ١٠٠٠ ملگم. ئەگەر لە خواردنەکاندا شیرەمەنی یان ئەو خۆراکانەی کە کالیسیۆمی تێدایە هیچ نەبێت.<br>• |
| **ئاسن** | بەگوێرەی پێویستی تاکەکەسی.<br>٥٠٠ ملگم زیادەی ئاسن پاش ١٢ هەمین هەفتەی دووگیانی، ئەگەر لە کاتی ٣/١ ماوەی دووگیانیەکەدا ڕێژەی هیموگلۆبین کەمتر بوو لە ١١٠ گ/لیتر یان ئەگەر لە قۆناخەکانی کۆتاییدا ڕێژەی هیموگلۆبین لە ١٠٠ گ/لیتر کەمتر بوو | لەکاتی دووگیانیدا بەهۆی گەورەبوونی قەبارەی خوێنی دایکەوە ڕێژەی هیمۆگلۆبین دادەبەزێت، بەڵام بەرامبەر بەوە تۆپەڵی خڕۆکەی سوور زیاد ناکات. کەم خوێنیەکەی کەمی دایك بەشێوەیەکی گشتی کاریگەری نابێت بۆ سەر کۆرپەڵەکە. |
| **ترشی فۆلیك** | **زیادەی ترشی فۆلیك بە ڕێژەی ٤٠٠ میکرۆگرام/ لە ڕۆژێکدا بۆ هەموو ئەو ژنانەی کە پلانیان هەیە سکیان ببێت** بە نزیکەی دوو مانگ پێش واز هێنان لە | کەمی ئەو ترشە لەوانەیە ببێتە هۆی کێشەی داخرانی لوولەی عەسەبی کۆرپەڵەکە (NTD) |

| | | |
|---|---|---|
| | ڕێگریکردن لە منداڵبوون هەتاکو هەفتەی ١٢ی دووگیانی.<br><br>بۆ بارودۆخی تایبەتی زیادکردنی ترشی فۆلیك بەپێی ڕێنمایی دوکتور. | یەکێکە لە ڤیتامینەکانی گرووپی B<br><br>'باشترین سەرچاوەی خۆراك بۆ ئەمە بریتیە لە سەوزەی تازە، میوە یان میوەی کێویلە، کە بەباش دەزانرێت ئەگەر ڕۆژانە ٥-٦ ژەم بخورێت هەروەها دروستکراوی ئاردی بۆر. |
| **یۆد** | ١٥٠ میکرۆگرام / ڕۆژێك، ئەگەر لە خواردەمەنیەکاندا کەم وەربگرێت<br><br>باشترین سەرچاوەی خوردەمەنی کە یۆدی تیا بێت بریتیە لە شیرەمەنیەکان، ماسی، هێلکە و خوێ چێشت کە یۆدی تیاکرابێت. | لە دروستکراوە بازرگانیەکانی یۆد، کە ١٥٠ میکرۆگرام یۆدی تێدابێت تا ئێستا لە بازڕدا نیە. لە زۆربەی ئەو دروستکراوی ڤیتامینی هەمەجۆردا کە بۆ کاتی دووگیانی و شیردان بەکاردەهێنرێن بەڕێژەی ١٠٠ – ١٧٥ میکرۆگرام / لە حەبێکدا یۆد هەیە. زیاترین ڕێژەی بێ مەترسی بۆ وەرگرتنی یۆد ٦٠٠ میکرۆگرام/ لە ڕۆژێکدایە. |
| **دروستکراوی ڤیتامینی هەمەجۆر و مادە کانزاییەکان** | لەکاتی پێویستدا دەتوانین بۆ پاڵپشتی کردن لە خواردنی خواردەمەنی یەك لایەنە یان سنووردار بەکاربهێنرێت، بەهۆی دڵ هەڵشێوانی دووگیانی بەهێز یان دووگیانی فرە کۆرپەلیی. | نابێت لەسەر یەك یان لەگەڵ ئەو شتانەی کە ڤیتامین A تێدایە یان لەگەڵ ڕۆنی جگەری ماسی باکاربهێنرێت. |

---




سەرچاوە:
کتێبی با پێکەوە خواردن بخۆین- خۆراکی پەسەندکراو بۆ خێزانە منداڵدارەکان
Syödään yhdessä – ruokasuositukset lapsiperheille. 2016. THL. VRN.

(بە فینلەندی) http://www.julkari.fi/bitstream/handle/10024/129744/KIDE26_FINAL_WEB.pdf?sequence=1

http://www.ravitsemusneuvottelukunta.fi/portal/fi/ravitsemussuositukset/erillisryhmat/raskaana+olevat++imettavat+naiset++lapset/ (بە فینلەندی)

(بە سویدی) http://www.ravitsemusneuvottelukunta.fi/portal/se/

(بە ئینگلیزی) http://www.ravitsemusneuvottelukunta.fi/portal/en/